# کامێرای NEX-R5 ی سۆنی سیستەمی WI-FI ی بۆ زیادکرا




کۆمپانیای سۆنی لە دوا بەرهەمی خۆیدا لە سەر شێوازێکی نوێ و پێشکەوتوو جۆرە کامێرایەکی نوێی خستە بەردەست، کە کوالێتی و تایبەتمەندیی زیاتری لەوانی دیکە لە خۆ گرتووە، ئەوانیش سیستەمی وای فایWI-FI بۆ بەیەکبەستنەوە لەگەڵ سیستەمی ئۆتۆ فۆکەس کە زیاتر بۆ وێنەگرتنی کەسی و وێنەی سورشت بەکار دێت ئەو کامێرایە ناوی NEX-5R ئەوەی شایەنی باسە ئەم کامێرایە لە دوای NEX5N هات کە سالی 2011 خستیە بازارەوە، 5R بە توانای وێنەگرتنی بە کوالێتی 16 -meg pixel، لەگەڵ توانای تۆمارکردنی ڤیدیۆیی HD بە هەستیاری 1080P لە 60 FPS.

بیر لە پاسوۆردەکەت بکەرەوە، خۆی دەینووسێت..

## ئامێرێکی نوێ دەتوانێت لەبیرکردنەوەکانمان تێبگات

کۆمەڵێك توێژەری بواری تەکنەلۆژیا لە زانکۆکانی ئۆکسفۆرد و کالیفۆرنیا و ژنێف، داهێنانێکی نوێیان دۆزییەوە کە دەتوانێت گرنگترین و هەستیارترین زانیارییەکانی مێشکی مرۆڤ بخوێنێتەوە، وەك وردەکاریی خەرجییەکان، پاسوۆردی مۆبایل و فەیسبووك و ئامێرەکانی دی، ئەوەش بەهۆی ریزە شەپۆلێکەوە ئامێرەکە دەینێرێتە ناو مێشکەوە.

ئیڤان مارتینوڤیچ کە توێژەرێکی زانکۆی ئۆکسفۆردە، کاتێك ئەو بیرۆکەیەی پێشنیاز کرد، لیژنەیەك، لەو سێ زانکۆیەی پێشتر ناومان هێنان،پێکهێنرا،تاوەکو گەشەی پێ بدرێت، دوای ئەوەی گەیشتە قۆناغی بە ئەنجام گەیاندن، ئێستا لە بازارەکانی ئینگلتەرا بە 190 جونەی دەفرۆشرێت و بڕیارە لە داهاتووشدا بگاتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بۆ ئەوەی بەکارهێنەر سوود لەو ئامێرە وەرگرێت، پێویستە بەرامبەر کۆمپیوتەرەکەی دانیشتبێت و ئامێرەکە لەسەری ببەستێت، بەهۆی ئامێری (ئای مۆنت برین) بیرکردنەوەکانی لەسەر کۆمپیوتەرەکە تۆمار دەبێت. ئەم بیرۆکەیە ئەگەرچی بە سەرکەوتوو دادەنرێت، بەڵام توێژەران بە قۆناغی سەرەتای دادەنێن بۆ گەیشتن بە ئەنجامی باشتر لەداهاتوودا، وەك توانای وەرگرتنی وێنەی ناو مێشك.



## Wikipad لە کۆتایی ئەمساڵدا دەکەوێتە بەردەست

رەنگە باوەڕ نەکرێت سیستەمی جیاکردنەوەی کۆنترۆڵی یاری و کۆمەڵێك تایبەتمەندیی جوان لە کۆمپیوتەرێکی بچووکی نزیکەی دە ئینج کۆ ببێتەوە، لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویکیپاد رێکلامی کەوتنە بازاڕی لە کۆتایی ئەمساڵەوە بۆ کرا.

Wikipad کۆمپیوتەرێکی زیرەکی بچووکی کێش سووکە کە زیاتر بۆ یاری کردن بەکاردێت جیا لە



کۆمەڵێك فرمانی دیکە کە بە کۆمپیوتەرەئاساییەکان دەکرێت، ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەو کۆمپیوتەرە زیرەکە قەبارەی شاشەکەی 10.1 ئینجە بە توانای نیشاندانی 1200 x 800 لەگەڵ پرۆسێسەرێکی 1.4GHz هەروەها 1GB بۆ DDR2 RAM توانای خەزن و هەڵگرتنی ئەو ویکیپادە 16 گێگابایتی ناوخۆییە کە بە سیستەمی ئەنیرۆیدی 4.1 کاردەکات ئەوەی شایەنی باسە ئەم کۆمپیوتەرە زیرەکە توانای تێکهەڵکێشکردنی هەیە لەگەڵ Sony’s PlayStation و چەند ئامێرێکری دیکەی یاری کردن بەشێوەیەك هەر شێوە یارییەکی کلاسیك و نوێت پێ خۆشبێت دەتوانیت بەشێوەی سیستەمی جیاکراوە ئەو یارییە بکەیت.

# ماوسی هەوایی کەوتە بەردەست





پێشکەوتن و گۆڕانە خێراکانی هەموو بوارەکانی تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر بە شێوەیەکی خێرا و سەرنجڕاکێش تێدەپەڕێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کار ئاسانیی زیاتر دەکەوێتە بەردەست، لە پێشووتردا ماوسی لەیزەرو ماوسی کلاسیکی کەوتە بەردەست، لە داهێنانێکی نوێشدا ماوسی هەوایی دروست کراو لە بەکارهێناندا کاری پێکرا. ئەو ماوسە لە دەست دەبەسترێت و لە هەوا کاری پێدەکرێ، ئەو جۆرە ماوسە پێی دەڵێن “air mouse” ئەم جۆرە ماوسە سوودبەخشە بۆ ئەو جۆرە کەسانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەر کۆمپیوتەر کاردەکەن، چونکە لە سەر بنەمای لیزەری و جووڵاندن لە هەوادا بە بێ لەمس کاردەکات، ئەوەی شایەنی باسە ئەم ماوسە نرخەکەی 129 دۆلارە.

# چین بە ١٤٠ دۆلار ئامێرێکی وەک ئای پاد بڵاو دەکاتەوە

کۆمپانیای (Ainol)ی چینی، پادێکی نوێی دروستکردووە کە لە هەموو ڕوویەکەوە دەبێتە ڕکابەری تەواوی ئەو پاد و تابانەی کە کۆمپانیا جیهانییەکانی دی دروستیان کردووە.

ئامێرەکەی کۆمپانیای ئاینۆل کە بڕیارە 28ی ئەم مانگە بکەوێتە بازاڕەکانی جیهانەوە، ناوی (Novo 7 Crystal)-ەو شاشەیەکی قەبارە 7 ئینجی هەیە لە سیتەمی IPS بە کوالیتی 600×1024 پێکسڵ بینینی لە تەنیشتەوە دەگاتە 170 پلە.

ئامێرەکە بەهۆی ئەو تەچە بەهێزەی هەیەتی کە دەگاتە 5 خاڵ و قەڵەمێکی ئەلیکترۆنی بۆ بەکارهێنانە وردەکات، دەتوانێ سەرنجی خەڵکی زۆر بەخێرایی بۆخۆی ڕابکێشێت، هاردی ناوخۆی ئامێرەکە لە 8 گێگا بایت دەست پێدەکات بۆ سەرەوە، ئەوەی زۆر گرنگە لەم پادە چینییەدا، کۆتایی ئەم مانگە، تەنیا بە 140 دۆلار دەیخاتە بازاڕەکانی جیهانەوە.




# Battlefield 4
# ئاستێکی بەرز لە یاریی ئەلیکترۆنی




لە نێو دنیای یاری و پلەیستەیشندا یارییە جەنگییەکان برەوی زۆریان لەسەرەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ یاریەکان کوالێتی و جۆرەکانیان دەگۆڕێت، کۆمپانیای EA game ئاشکرایکرد جۆرێکی نوێی لە یاری Battlefield خستە بەردەست و تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرەیارییەی ڕاگەیاند، ئەم یارییە بەشی چوارەمی (Battlefield)ەو بریتییە لە یارییەکی جەنگی کوالێتی بەرزی جەنگاوەری تەنیا یان لەگەڵ کۆمەڵێك جەنگاوەری دی، کە چەندین شێواز و تەکنیکی جوان و پێشکەوتووی لەخۆ گرتووە یارییەکە لە چەند شوێنێکی دیاری جیهان ئەنجامدەدەرێت، لەگەڵ سیستەمێکی پێشکەوتووی دەنگ، ئەم وێنەیە لۆگۆی سەرەکیی یارییەکەیەو وەك یاریەکانی دیکەیش دەتوانرێت بە ئامێرەکانی Playstation 3،Xbox،Pc،Smartphones. یاری پێبکرێت،هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی multiplayer-ەوە لە ئینتەرنێت لەگەڵ هاوڕێکانت بەیەکەوە یاری بکەیت لەو ڕێگەیەشەوە واتە لە ئینتەرنێتەوە داونلۆدبکرێت




## لەم سایتەدا کێشتان کەم بکەنەوەولەقەڵەو بوون ڕزگار بن

ئەم سایتە سایتێکی بەسوودە تایبەتە بەو کەسانەی کەکێشیان زۆرەو و قەڵەون دەتوانن بە کردنەوەی سایتی sixpackshor-cuts.com سوود لەوانەکانی وەر بگرن،لەم سایتەدا وانە گوتەنەوە هەیە سەبارەت بەو کەسانەی کە کێشیان زیادە و قەڵەون،بە کردنەوەی سایتەکە وێنەیەکی ڤیدیۆیی دەردەچێت کەتەواوی بابەتەکانی تێدا باسکراوە، ئەو سایتە سێ بەش لەخۆ دەگرێت،یەکەم وانەکانی وەرزش کردن، دووم سیستەمی خۆراك، سێیەم کێش دابەزاندن، ئەوانەی سەردانی ئەم سایتە دەکەن ئەگەر بیانەوێت بەشداری بکەن ئەوا دەبێت سەرەتا یوزەر ئەکاونتی هەبێت و دەتوانن بەهۆیەوە سیدی پرۆگرامی تایبەت بەم سایتە وەربگرن، لەرێگەی ئەکاونتی تایبەتەوە کە دەتوانن لە سایتەکە داونلۆدی بکەن یاخود لەرێگەی فیزا کارتەوە بیکڕن لەناو سایتەکەدا، دیمانە لەگەل چەند کەسێك کراوە کە لەم ماڵپەرە سوودمەند بوونەو کێشیان دابەزیوە، ئێوەش گەر دەتانەوێ کێشتان داببەزێنن سەردانی ئەم سایتە بکەن.



**تەنیا ١،٦٧ کیلۆگرامە..**

## ئاسۆس نوێترین ئەڵترابۆک بۆ بزنسمانەکان دروست دەکات

کۆمپانیای ئاسۆس لەژێر ناوی (Asuspro) زنجیرەیەکی دی لە ئەلترابۆکی خستە بازارەوە کە تایبەتە بە بزنسمانەکان. (Asuspro BU400) و ڤێرژنی نوێی ئەم ئامێرە تایوانییە، دووهارد لە خۆ دەگرێت کە دانەیەکیان جێگیرە HDD و 500 گێگا بایتە، ئەوی دیش کە کۆمپانیای SanDisk ئامادەی کردووە،بریتییە لە 128 گێگا بایت.

ئەم ئامێرە وەك لاپتۆپێکی زۆر گونجاو بۆ بزنسمانەکان بەکار دێت، ئەمەش لەبەر ئەو سیستەمە سکویریتیە بەهێزەی تێیدایە و ئەو قەبارە بچووکەی کە تەواوی تەنیا 1،67 کیلۆ گرامە.





# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز کە کاری بەرنامەی فۆتۆشۆپ ئەنجام دەدات و گرفتێکی تووش هاتووە کە دەڵێت من زۆر جار وێنە لەئەنتەرنێتەوە وەر دەگرم کاتێك دەیبەمە ناو بەرنامەی فۆتۆشۆپەکە وێنە لە ڕەنگاو ڕەنکەوە دەبێتە ڕەش و سپی کەچی کۆمپیوتەرەکەشم فۆرمات کرد و فۆتۆشۆپەکەشم گۆڕی،کەچی وێنەکە هەر ڕەش و سپی دەردەرچێت، جانازانم چۆن ئەم گرفتەم چارەسەر دەکرێ .

لەوەڵامی ئەم خوێنەرە بەرێزەماندا دەڵێین تۆ هەر کاتێك وێنەیەکت لە ماڵپەری ئەنتەرنێت وەر گرت ئەوا دەبێت بزانیت ئەم وێنەیە چ جۆرە فۆرماتێکە، ئەو گرفتەی تۆ هەتە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری وێنەکە،ئەگەر وێنەکەت لە جۆری PNG بێت یان TGA تووشی ئەم گرفتە دەبیت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، پاش کردنەوەی بەرنامەی فۆتۆشۆپەکەت لە شریتی سەرەوەی بەرنامەکە دەچیتەسەر فەرمانی I-age وە لەوێشەوە کلیك لەسەر فەرمانی mode دەکەیت،دەبینیت لیستێکت بۆ دەبێتەوەو کۆمەڵێك فەرمانی تێدایە دەتوانیت فەرمانی lab color کلیك بکەیت و وێنەکەت دەبێتەوە ڕەنگاو ڕەنگ واتا وەکو ئەوەی لەماڵپەرەکەت داونلۆدت کردووە،دەشتوانیت لەهەمان کاتدا فرمانی RGB COLOR دابگریت.



# بارگاویکەرێکی وایەر لێسی نۆکیا

لەدرێژەی کێبڕکێی کۆمپانیاکاندا لەبەرهەم هێنان و دروست کردنی ئامێری مۆبایلدا، کۆمپانیای مۆبایلی نۆکیا ئەداپتەرێکی بارگاویکەری وایەرلێسی بڵاو کردەوە،ئەم بارگاویکەرە دەتوانێت لە دووریی 4 مەتر مۆبایل بارگاوی بکات، ئەویش بەهۆی بوونی وایەر لێس لەناو مۆبایلەکەتدا ئەم ئامێرە دەتوانێت لەشوێنیکی ژوورەکەت لەکارەبادا هەڵی بواسیت و دواتر دەتوانیت تەنیا بەکردنەوەی وایەر لێس پاتری مۆبایلەکەت بارگاوی بکەیت، ئەم ئامێرە دەتوانێت ئەم جۆرە مۆبایلانە بارگاوی بکات، نۆکیا لۆمیا 920 و نۆکیا 808 و سامسۆنگ Galaxy S III و ئەو مۆبایلانەی نۆکیا کە لەمەودوا دروست دەکرێن، نهێنیی ئەم ئامێرە ئەوەیە کە بەهۆی بوارێکی مۆگناتیس کار هێز مۆگناتیسیەکەی ون دەکات و پاتری مۆبایلەکە وەریدەگرێت، ئەم کردار بەردەوام دەبێت تاکو پاترییەکە بە تەواوی بارگاوی دەبێت.

# مایکرۆ USB بەرهەمی دوای USB دەبێت



بچووککردنەوەی قەبارە و کەلوپەلە تەکنەلۆژییەکان ئامانجی هەموو کۆمپانیایەکە بە ئامانجی کارئاسانیی ئیش وکارەکان و ئاسان بەکارهێنان، لە دوا بەرهەمی خۆیدا کۆمپانیای ئەپڵی بەناوبانگ بانگەشەی ئەوە دەکات کە مایکرۆ USB بەرهەمدێنێت، وەك لە وێنەکاندا دیارە Micro USB بە شێوەیەکی سووکتر و بچووکتر لە USB ی ئاسایی دەردەکەوێت، هەر لایەکی رووی (USB)یەکە کورتەو لە قەبارەدا زۆر لە هی iPhone 5 دەچێت وەك ئەویش تەنیا یەك رووی سنووردارکراوە، بەم شێوەیە لە کێشەی هەڵە بەستان یان کامە رووی بە ئامێرەکەوە دەبەسترێت، دەرباز دەبین و بە هەر روویەك بمانەوێت دەتوانین بەکاری بێنین.